# زۆری نەماوە دەجاڵ هەڵستێ !

باپیرم هەمیشە دەیگوت : ( زۆری نەماوە دەجاڵ هەڵستێ ..) ، لێماندەپرسی : ( دەجاڵ کێیە باپیرە ؟ ) ، دەیگوت : ( کەسێکە سەری لە هەوران دەدات ، بە خۆی و کەرێکەوە دێت و خەڵک کافر دەکات ! ) ، دەمانپرسییەوە :( جا کێی پێ کافردەکرێ ؟!) ، تۆزێک دادەما و دەیگوت : ( ئەوانەی دەچنە مەکتەبێ و دەرسی شەیتان دەخوێنن ! ) ، دەپەشۆکاین و بەترسەوە دەمانپرسی : ( ئەدی کێی پێ کافر ناکرێت ؟! ) ، پێدەکەنی و دەیگوت : ( مەلا و فەقێ ، هەرکەسێک دەرسی خوا بخوێنێ !) ، زۆرتر دەپەشۆکاین و دەمانپرسی : ( ئەدی کەی دێت ، باپیرە گیان .. دەجاڵ کەی دێت ؟ ) ، بە بێزارییەوە دەیگوت : ( پیاوچاکێکی گەورە گوتویەتی : ساڵی دووهەزار و شتێ!!) .

*                    *                    *

وەبیرمنایەت باپیرم ئەو چیرۆکە خورافییەی لە کوێوە هێنابوو ، بەڵام وەبیرمە کە دوای ئەو گفتوگۆیە، ئێمەی منداڵ ، ئێمەی تۆقیو لە ئاوری جەهەندەم و گەشکەگرتوو لە ترسی جنۆکەی چاوباشقاڵ ، کەوتینە پلاندانان ، من گوتم : بەرلەوەی دەجاڵ بێت خۆم دەکوژم ، کاکیشم بە پێکەنینەوە گوتی : ئەمن فێڵی لێدەکەم ، بەرلەوەی بێ، خۆم دەمزگەوتێداوێم و دەبمە فەقێ ! . کەچی بوو بە ساڵی دووهەزار و ڕەنگە شتێ ! ، نە من خۆم کوشت ، نە کاکیشم بە فێڵ چووە ناو مزگەوتێ و بوو بە فەقێ ! .

*                    *                    *

هەموو سەری ساڵێکی دوای دووهەزار ، چیرۆکەکەی باپیرم وەبیر دێتەوە ، بیر لە گوناهیی وی دەکەمەوە ، بیریش لەخۆماندەکەمەوە ، باپیرم تا مردیش پێیوابوو دنیا لەسەر پشتی ماسییەکەو ماسییەکەش لەسەر پشتی گایەکە ! ، تا مردیش ڕقی لە کاکۆڵداهێنانی جحێڵان دەبۆوە و دەیگوت : پیاوی ئاشقە ئاوێنە پیاو نییە ، تا مردیش هەر دەیگوتەوە : زۆری نەماوە دەجاڵ هەڵستێ ! ، ئێمەش دیسان پلانمان دادەنایەوە ، کەچی دەبوو بە ساڵی دووهەزار و ڕەنگە شتێ ! ، نە من خۆم دەکوشت ، نە کاکیشم بە فێڵ دەچووە ناو مزگەوتێ و دەبووە فەقێ ! .

*                    *                    *

ئەوساڵ بەر لەوەی بیر لە هاتنی دەجاڵ بکەمەوە ، دەفکری کوردە کەرکوکییە چادرنشینەکان ڕادەچم ، دەفکری حیکمەتی هاتنی فۆرمە هەڵەکانی دەنگدان و گرانیی سوتەمەنی و پشتگوێخستنی خواستی بە ملیۆن ئیمزای ڕیفراندۆمویستەکاندادەبم ، بەدەم پێکەنینێکی تەوسئامێزەوە، نامەیەکی کورت بۆ دۆستێکم دەنووسم و پێی دەڵێم : تکایە بۆم ڕوونبکەوە، لە وڵاتی بێ پاسپۆرت و بێ ئۆپۆزسیۆن ، دیمۆکراسیی چارەی بەقەدەرچی گرانە؟! ، لێشیدەپرسم :

بەرلەوەی دەجاڵ هەڵستێ ، پێمبڵێ ئەشقی یەکلایەنە لە سیاسەتدا دەگاتە کوێ ؟ ، ئایا دەکرێ دڵی پێخۆشکرێ ؟! .

* * *

هێشتا نەبووە بە ساڵی دووهەزار و شتێ ، بەر لەوەی دەجاڵ بێ ، بیر لە جحێڵە هەڵوەداکانی کورد دەکەمەوە ، ئەو جحێڵانەی شەوێک لە شەوان ، لە ژێر کۆڵێک کارتۆندا ، لە گۆشەیەکی شاری پاریس تووشیان بووم و پێیانگوتم : تۆ بڵێی لێرە رزگارمان بێ ؟ . بیر لە عومەر دەکەمەوە ، ئەو گەنجە چواردە ساڵەیەی ، دوو ساڵ پێش ئێستا ، لە شەوی سەری ساڵدا لە یۆنان دیتم ، قژلولێکی گریاوبوو ، پێی گوتم : دەمەوێ برۆمەوە ، بەڵام نابێ ! ، دەبێ ئێستا دایکم منی بیر مابێ ؟ ..
هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشم و سەیری هەواڵی جەژنگێڕەکان دەکەم :

لە بەریتانیا ، خەرجیی ئەوساڵی جەژن 30 ملیارد پاوندە ، ئەگەر بەر لەوەی دەجاڵ بێ ، ئەو پارەیە بۆ منداڵە برسییەکانی دنیا خەرج بکرێ ، هەریەکەیان ژەمێک خواردنی چاکی بەردەکەوێ .
ئەگەر پارەی شەوی کریستمەسی هەر هاوڵاتییەکی بەریتانی کە 813 پاوندە ، بۆ کڕینی پێڵاوی منداڵانی هەژار خەرج بکرێ ، هەشتسەدو سێزدە جووت پێڵاوی ئاساییی پێدێ .
ئەگەر ئەو 20 ملیۆن پاوندەی ئەمساڵ لە بەریتانیا بە بوکەشوشە دەدرێ ، وەک دیاری بۆ وڵاتێکی برستلێبڕدراوی ئافریکا بنێردرێ ، هەرهاوڵاتییەک خەرجیی ژیانی یەکساڵی دەردێ ! ..

* * *

خەریکە دەبێت بە ساڵی دووهەزار و شتێ ، کەچی نە من خۆم کوشتووە ، نە کاکیشم بە فێڵ چووەتە مزگەوتێ و بۆتە فەقێ !! .

**هێمن عەبدوڵڵا**

www.hemnabdulla.blogspot.com